# کوردستان، بزوتنەوەی شۆرشگێرانە یا "قەومی گەرایی و هۆویەت تەڵەبی"

ئارێس زارعی

پێشەکی

ئەم نوسراوە لە نەقد و رەت کردنەوەی را و بۆچونی، محمد هاشمی، ئاسۆ سالح و عرفان قانعیفر(1) کە لەم ماوەدا لە سەر مەسەلەی میللی لە ئێران نوسراون و لە سەر وێب سایتەکان بلاو کراونەوە.

ماوەیەک لەوەبەر لە وێب سایتێکی ناوەوەی ئێران، کە سەر بە خوێندکارانی رێفورمیست و لیبرالی دەفتەری تەحکیمی وەحدەتە نوسراوەیەکم لە سەر لوتفی دەبیری دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە رابیتە لە گەل ماف و خواستەکانی خەلکان و میللەتانی غەیری فارس زبانی ئێران خوێندەوە، وە هەر ئەو کات رون کردنەوەیەک و نەقدێکم لە سەر ئەو نوسین و "لوتف نامەیەی" محمد هاشمی نوسی، بەلام کێشە و گرفتی پێ.سیَ.کەم وای کرد کە هەر شتێک کە هەم بو پاک بێتەوە. دوای چاک کردنەوەی کامپیوتەرەکەم بە دوای نوسخەی نوسینەکەی محمد هاشمی لە وێب سایتەکان دەگەرام کە، توشی تەئید نامە و پێ هەل گوتنی ئەو نوسراەی هاشمی بوم، ئەویش لە لایەن رۆژنامە وانێکی کوردی دانیشتوی ئێران بە ناوی ئاسۆ سالح بووم. نوسراوەکەی مەحەمەد هاشمی، دەبیری جەرەیانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، بە سەر دێری "ئەوە ئیمەین کە دبێت موتمانە دروست بکەین" لە تاریخی 23ی رێبەندانی 1386 لە سەر تۆری ئینترنێت بلاو بۆتەوە. من بە خویندنەوەی قسەکانی ئاسو سالح، کە سەراپا تەید و جەراحی و ئەنالیزەی دلخوازی خۆی لە نوسینەکەی هاشمی بو، وام بە باش زانی بە زمانی کوردی باسێک لە سەر بۆچون و تێگەیشتنی ئەم گەرایش و رێبازە سیاسیە راستە لیبرالیە کە ،عرفان قانعیفریش دەگرێتەوە، بکەم.

لێرەدا چەند رستە لە نوسینی محمد هاشمی و ئاسۆ سالح کە بە زمانی فارسی نوسراوە، دەنوسمەوە.

محمد هاشمی: گسترده شدن اعتراضات قومیتها و علني تر شدن مطالباتشان در کنار دست یافتن حاملین مطالبات به رسانه هايي محدود موجب شد تا بسياري از دموکراسي خواهان نگاهي جدي تر به جريانات هويت طلب و مطالبات آنها داشته باشند. دموکراسي خواهان بر آنند با در نظر گرفتن پيامدهاي بي توجهي و ناديده انگاري مطالبات اين جنبش ها به دنبال راه حل و پاسخي براي آنها باشند.

آسو سالح: " مقاله های از سنخ "ماییم که باید اعتمادسازی کنیم" از معدود مقالاتی هستند که هرچند سال یک بار ازسوی نخبگان مرکز نشین و در حمایت و تائید جنبش های قومیتی ایران نگاشته می شوند. این نوشته ها را، خارج از نشریات محلی، آنقدر کم مشاهده می کنیم که بلافاصله پس از انتشار آنها خواهیم دید که از سوی فعالین جنبش های هویت طلب در تائید آنها، یاددشت هایی به رشته تحریر در می آیند. در همین مورد آخر، بلافاصله بعد از رویت آن بر روی سایت روزآنلاین، تعدادی از سایت های محلی در نقاط مختلف ایران، اقدام به انتشار مجدد آن نمودند.

### ستەمی میللی و بزوتنەوەی ئازادیخوا، و سیاسەتی شۆنیسمی سەرمایەداری رو بەم کێشە

کێشە و ستەمی میللی، یانی هەمو ئەو هەلاواردنانە کە لە بوارە جیاجیاکانی وەکو: حەقوقی و سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی و هیتد، بە بە بیانو و هۆی ئەوە کە کومەلێک جیاوازی زمانی و کەلتوری و هیتد هەیە

له نێوان دانیشتوانی ولاتێکدا. لەم مەنتق و نیزامە توتالیتارە ناسیونال شوئەنیستەدا، بە کەم گرتن و بێ حورمەتی بە میللەتی کەمینە و بند دەست ، سەرنج نەدان بە ژیان و خواستی سیاسی و ئابوری، رێگری و تەگەرە نانەوە لە سەر رێی گەشە و پێشرەوی کومەلایەتی و ئابوری و کلتوری و سیاسی، پێ شیل کردنی مافە سەرەتایە ئینسانیەکانی، سەر کوت و کۆ کوژی و میلیتاریستە کردنی مەلبەندی ژیانیان بە بەهانەی هەر داوا و خواست و ئیعترازێک ، خەفەقان و سانسور و ئاوارەی و کونترۆڵی ژیانی شەخسی و خانەوادە و قەدەغە کردنی خوێندن بە زمانی دایک و هەمو چەشنە فەعالییەت و هەڵسورانێکی سیاسی و رێکخراوەیی وهیتد، ناسنامە و جەوهەری سیاسەت و ستراتژی موشتەرەکی هەمو رژیم و نیزامە دیکتاتور و فاشیستە وەحشیەکانە لە بەرانبەر ئیعتیراز بە زوڵم وە داخوازی مافی ئینسانی خەلکانێک کە لە کەمینەی حەشیمەتی دان .

لە واقیع دا بی ماف کردنی خەلکانێک لە مافە بە رەسمی ناسراوو و بنەرەتی و ستانداردەکانی کۆمەلگای بەشەری موتەمەدن و عەدالەت خوازی ئیمرۆ، بەو بیانو و حوکمانە کە لە سەرەوە باسی لێ کرا، ناسراوترین و ئەسلی‌تین شوناسەی ستەمی میللین.

بزوتنەوەکانی خەلکی کورد(ئێران،تورکیە،ئێراق،سوریە) لە شوێنی جوگرافیایی ژیانی خۆیان و لە ژێر کونترۆلی دەولەتانی حاکم، بە هەمو جیاوازی لە تاکتیک و شکلی موبارزاتی و زەرفیەت و چوار چێوەی تێکۆشان و خەباتیان، خەباتی سیاسی و کومولایەتی بووە بۆ بە دەست هێنانی ماف و داخوازیە رەوا ئینسانیەکانی خۆیان، کە لە ناو ستراتژی بە دەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی و مافی چارەی خۆ نوسین دا خۆی دەبینێتەوە. خەلکی کورد لە رێزەی ئەو خەلک و بزوتنەوە رەهایی بەخشانە بووە کە تاکتیکی موبارزەی چەکداری بە حوکم و زۆری ماشینی سەرکوت و کوشتاری رژیمانی زالم و زال بە سەر شوێنی ژیاندا، بە سەردا سەپاوەو و ناچارەن وەک ئاخرین ئامارزی بەرگری و تاکتیکی پشتیوانی خەباتی سیاسی و کومەلایەتی پەسەندی کردوە و تا ئەم مەکینە جەنگی و نیزامە لە کایە دابێت و جوابی خواست و داواکانی خەلک بە گولە و ترور و شەر بداتەوە، وەک تاکتیکێک و بازوێک چاوی لێ دەکرێت.

**بەلام با بێینە سەر ئەسلی مەتڵەب**

مەحەمەد هاشمی سەروکی رێکخراوی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، لە سەرتای باسە درەنگ وەختەکەی دا کە، کا ئاسۆ سالحی توشی ئالۆزی فکری و پەلە نوسین کردوە، دەنوسێ: "بەر بلاو بون و گشتگیری نارەزایەتی قەومیەتەکانی ئێران وە راشکاوانەتر بونی خواستەکانیان... بو بە هۆی ئەوە کە زۆرێک لە دیموکراسی خوازان ئاورێکی جیدی‌تر لە جەرەیاناتی و گروپە هۆویەت تەلەب و خواستەکانی ئەوان بدەنەوە".

لە هەموی ئەو چەند دێرەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت کە ئەو "دێموکراسی خوازانە" لە خەوە ورچینە دا بون و گەرمایی و رووناکی شۆرش و موبارزاتی کومەلانی ئازار چێشتو و بێ حورمەتی پێکراو رایچلەکاندون و بەم شەپرێویە کەشفیان کردوە " جریاناتی قەومی" خواستیان" هەن و ئەو خواست و داوایانەش ئێستا ئاشکرا بون و دەبێت ئەوان ئاوری "جیدی" لێ بدەنەوە؟!!( ئەلبەت خۆ لەوە نادات کە تا ئێستا لە سەر داخوازی و تەلەب کردنی ئەم موتالباتە "قەومیانەش" چیان بە سەر ئەو "قەومانە" نەهێناوە، رژیمەکەیان و هاو فکر و هاو مەکتەبیەکانی لانی کەم لە ماوەی یەک دەهە حاکمیەتی جەرەیاناتی دوی خوردادی).

جولانەوە و داخوازیەکانی خەلکی کورد، قەبیلەیی و خێلەکی و قەومی نین. کار و تێکۆشان بۆ بە دەست هینانی مافی بە رەسمی ناسینی خۆی وەک ئینسان دەکات و داوای مافی یەکسان لە گەل سەرجەم

ئینسانەکانی‌تر دا دەکات، ئەگەریش وەک ئەم سەردەمەی ئێستا و ،نیزامی کالا و قازانج پەرست، لازم بکات شورش و خەبات دەکات بۆیان. لەم پێناوەشدا سل لە هیچ کاردانەوە و تومەت وتوقاندنێک ناکات و نەیکردوە.

بە پێی هەم پێوەر و فاکتە کومەل ناسی و کولتور ناسی وە لەمانە ئەساسی‌تر و گرینگ‌تر، بە پێی خواست و " موتالبەکانیان" کومەلە خەلکێکن کە بۆیان هەیە خۆیان بە میللەت بناسێنن و لەم پیناوەشدا کاراترین و گونجاوترین ئامراز و ریگا و تاکتیک بۆ گەیشتن بە مافە ئینسانیەکانیان هەڵبژێرن. فاکتیکی‌تری شەرم هێنەر بۆ کومەڵگای نیزامی ئیمپریالیستی سەرمایەداری قازانج پەرست ئەوەیە کە، خەلکی کورد گەورەترین میللەتی بێ دەولەتی سەربەخۆی ئەمرۆکەی جیهانە کە حەشیمەتیکی دەیان میلیونیە. بەلام نازانم بۆ لای هاشمی و سالح و باقی "دیموکراسی خوازان( ناشزانین دیموکراسی خوازانی کوێ دەلێن) خەلکانی ژێر چەپوک و چەوساوەی ئێران وە لە وانە خەلکی کوردی زەحمەت کێش و ستەم دیتوی دور خراوە لە ماف و نەعمەتەکانی ئەمرۆی کومەلگای بەشەری، دەبێت بە کوتکی "قەوم بون و قەوم پەرستی" هەر داوا و مافێکی ئینسانییان دەبێت لە فیلتەر و هێلەکی "نیگا و ئاوری جیدی دیموکراسی خوازان" تێپەر بێت!؟. وە پاشانیش کە ئەو تێکۆشانە بۆ سەرەتایترین خواست و مافەکانیان، خراپ تەشخیس درا و بە "ئەمنیەتی میللی و سەر بەخۆیی ولات زەرەری گەیاند"، ئەوە دەبێ سەرەتایی‌ترین ئازادی و مافە ستانداردە بە رەسمی ناسراوەکانی ئەمری کۆمەلگای بەشەری، لە کوردستاندا، بە بێ‌روحمانەتەرین شێوە سەرکوت بکرێن و ئیعترارز و شادیەکانیان دەبێ بە کۆت و بەند و کوشتن و گریان کۆتای بێت!؟ لە کوردستانی ئێران بە درێژایی هەمو تەمەنی رژیمە توتالیتار و فاشیستە سەرمایەدارەکانی مەحەمەد رەزای پەهلەوی و کوماری ئسیلامی جینایەت پیشە، خەلکی کورد بە شیدەت و هەتا بلّی درندانە لە ژێر سەخت‌ترین ستەمەکان و سەر کوتکان دا، تا کو ئیمرۆکە جودا لە هێندێک دەوران و پەریود، داییم راشکاوانە و بەر دەوام لە سەنگەرە جیاجیاکاندا بۆ بە دەست هێنانی مافی ئینسانی و ژینی سەر بەرزانە و یەکسانی خۆی خەبات و تێکۆشانی کردوە. مانای سیاسی و جیدی ئەو وتارەی هاشمی و تەئیدێ ئاسۆ سالح جودا لە ئاماتور بونی نوسەرانی بە نیسبەت بابەتەکەوە، وە بێ رەبتی ناوەرۆکەکەی بە ستەم و موبارزە و خواستە کانی خەلکی کورد، لێواولێوە لە چەواشەکاری و ئەدرەسی هەلە دان بە خوینەر و بەرەی "دیموکراسی خوازیان" و... کە زۆر ئاشکرایە کە ئەمە سیاست و جیهان بینی شوێن و مەکانی چینایەتی و ستراتژیکیانە لەم مەسئلە و مەیدانەدا. دەنا بۆ خەلکی ئازادی خواز و دژە زولمی ئێران و کوردستان بە گشتی و تێکۆشەران و بزوتنەوەی خۆرسک و وشیاری رادیکال و رزگاری خوازی ئینسان، لە هەلاواردن و چەوسانەوە زۆر لەمێژە پێچ و قۆرتەکانی بینیوەو ئاشنایە بە شۆرش و ویست و مافە رەواکانی خەلکی کورد. دەنا ئەو جۆرە ناشی گەری ئاسو سالح و بە ئەنقەست بە لا رێ دا بردنی ئامانج و خواستەکانی خەلکی کوردستان، لە لایەن محمد هاشمی و بێ ناوەرۆک کردن و دابەزاندنی بۆ سەتحی نزمی " هویەت تەلەبی و قومی" جا چ لە لایەن ئەم دو "دوستە عەزیزانە" و باقی دیموکراسی خوازانەوە" بێت و چ لە لایەن لیبرال و شئونیست و پان ئیرانسیت و سەرمایەدارەکانی ئێرانەوە، بە کورد و فارس و... بێت تەقەلایەکی پوچ و بێ‌هودە وە لە هەمان کاتیشدا کایە کردن بە ئاگرە و نابەخشەنیە بە راستی.

تێکەڵ کردنی مەقولەی مافی چارەی خۆ نوسین لە گەل قەوم قەوم کردن و "هۆیەت تەلب" ناساندن و دابەزاندنی شورش و موبارزاتی بێ‌پسانەوە و پر هەزینەی ئینسانی و مادی بزوتنەوی شورشگێرانەی کوردستان، بۆ کۆتای بە هەر چەشنە چەوسانەوە و زوڵمیک و دامەزراندنی کۆمەلاگایەکی ئەمن و تێر و تەسەل و بێ هەلاواردنی میللی و چینایەتی و جنسی و هیتد، لە لایەن نئولیبرال و رێفورمیست و ناسوینالیستە

قازانج پەرست و نا شۆڕشگێرەکان، خۆڵ بە چاو هەڵ پرژاندنی بیرو رای گشتی و سوک کردنی خواستی خەلکی کوردستانە. پرسیارێکیتر ئەوەیە لەم " دژە قەومانە"، جا لە هەر بەرە و تیرە و مەکتەبێک بن، بۆ ئەو گروپە "ئینسانە" کە قەوم پێک دێنن، ئینسان نین؟ ئایە لە دەستگای فکر و باوەری ئێوەدا مافی ئینسانەتیان وەک ئینسانەکانیتر کە "خوا" پێداون، شایان نیە و مافی ژیانی سەربەست و شاد و دور لە هەژاری و بەردەییان پێ رەوا نییە؟ وەڵام چیە؟

لەم پەیوەندی و بوارەدا ئەم دوستانی دێموکراسی خوازە دەبێت زەحمەت بە خۆیان بدەن چەند نا رووشنی لە سیاست و بەرنامەی سیاسیان بۆم مەسەلە و کێشەیە روون بکەنەوە. ئەویش ئەوە کە: باشە بۆ ئەو مێژوە دور و پر نەشێو و خویناویەی خەلکی کورد ،لەوانە لە ئێران، لایەن تازەیە و ئێستا بەو هونەر و کەشفە گەیشتون کە چاو و نیگاهێکی جیدی لێ بکەن؟ باشە هەدەفی ئەم "دیموکراسی خوازانە" چیە لەوە کە موبازرات و تێکۆشانی ئاشکراو رادیکاڵی بزوتنەوەیەکی عەزیمی وەک بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بۆ ئازادی و حاکمیەتی یەکسانی و دارشتنی ژیانیکی دور لە زندان و خوێنرشتن و... نێو لێ دەنێن"جەرەیاناتی" هۆویەت تەلەب"؟

خواستە سەرەتایی و کونکرێتەکانی گونجاو لە 8 مادە دا، لە لایەن دەستەی نمایەندەگی خەلکی کورد لە سالی 1358ی هەتاوی دا، لە گەل رژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ،بەزۆر داسەپاو بە سەر خەلکی ئێراندا، ئەوە "هۆیەت تەلەبی جەریاناتی قەومی" بو یا خواست و داوای مافی رەوای جەماوەری ملوێنی خەلکی کوردستان بو؟ کۆچی گشتی خەلکی شاری مەریوان بە دژی ئەشغال گەری و جینایەت و میلیتاریستە کردنی ئەو شارە ، شەری 24 رۆژەی خەلکی شاری سنە بۆ مل نەدان بە ستەم گەری و مل هۆری رژیمی ئیسلامی و داوای ئازادی و خواستی ئینسانی خۆ کردن، موقاومەت و خۆ راگری بزوتنەوەی شۆڕشگیرانەی کومەلایەتی و سیاسی و نیزامی خەلکی کوردستان لە سەرەتای بە هێز بونی رژیمی ئسیلامی تا سالەکانی جێگیر بونی ئەو رژیمە هارە لە کوردستان دا، رژانە شەقامی بە میلیونان جەماوەری کوردستان لە دژی تروریزمی نێدەولەتی لە سەر رفاندنی عەبدەلا ئوجەلان رابەری پارتی کریکارانی کوردستان، و خۆپێشاندان و ئاپورە و ئیعترازاتی خیابانی جەماوەری و دوا بەدوای ئەودا، مانگرتنی گشتی لە روژی 16ی گەلاویژی 1385ی کومەلانی ملوێنی خەلکی کوردستانی ئێران بە رەهبەری کومەلە و حیزبی کمونیستی ئێران، لە دژی سیاستی جینایەتکارانە و میلیتاریستە کردنی کوردستان و ئێعدام و هەلس وکەوتی جینایەتکارانەی حکومەتدارانی "دیموکراسی خوازی نوخبەای دەولەتی بورژووایی ئیسلامی ئەو کات بە سەروکایەتی رێفورمیستەکانی 2ی جۆزەردان و دەفتەری تەحکیمی وەحدەت و... ئەوانەش ساز کراوی " جەرەیاناتی قەومی و...ن؟! شەرم و ویژدان دو تایبەت مەندی پێویستی مەکتەب و سیاستی ئێوەن، بەلام داخەکەم!!!

خولقاندنی چەندها روداو و تراژیدی بۆ کومەلگای کوردستان هەر بە بەهانەگەلی موغریزانە و لە چوارچیوەی سیاسەت و فورمولی سواوی شوئێنیستی "جەرەیاناتی هویەت تەلەب و قەومی" ئەمانەدا جێی گرتوە و گونجاندویانە؟!!! ئاشکرایە کە لە کاتاگۆری مەکتەبی دێموکراسی خوازی ئێەمانەدا ئەم دونکیشودیسمە بۆ بردنە پێشی پروژە و سیاسەتی دیاری کراوی شومیان لازمە. بەلام راستیەکە ئەوەیە کە برادەرانی "دێموکراسی خوازی نیگا مودێرن بۆ کێشەکان"، لە ژێر تەوژم و جەماوەری بونی موبارزات و خەباتی جیدی و رادیکالی بزتنەوەکە وەخەبەر هاتون و خەویان لێ زراوە بێچارانە، وە پێویست دەکات هەر کەس و لایەنێک لە حاست خۆیەوە لە زەرفیەتی چەواشەکاری و فریودەرانە و ماست مالی کردنی راستیەکان و هەڵ تەکاندنی خواستی خەباتەکە لە رادیکالیزم و ئینسان گەرایی و دابەزاندنی و قەناعەت پێهینانی بە قەبولی هێندەک

ئیمتیازی سواڵکەرانەی "فەرهانگی و قەومی" نیشان بدات. وە هەروەها، ئەرکی خۆی بۆ پێش گرتن لە توفان و گەردە لولێک کە لە ڕێدایە و گومانی ئەوە کە گشتیان ڕامالیت و نوقمیان بکات زۆرە، دەبێت ئەدا بکات. خۆ دەنا هی بەرز بونەوەی حەرارەت "نیگای مودێرن و هەستی "دیموکراسی خوازی و ئالو گۆر لە مەنتق و سیاسەتیاندا نیە.

### بەلام بە نیسبەت ئازادیخوازان، روناک بیران و "دێموکراسی خوازانی کوردستان

ئاسۆ سالح دەبو بە دەلایلی حزوری ڕاستەو خۆی لە ناو جەرگەی کێشەکە و ئاشنا بون بە خواستەکانی بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان وە هەروەها لەمس کردن و دیتنی سیاست و کرداری جینایەت کارانەی رژیمە کونەپەرستی سەرمایەداری ئیسلامی لە بەرانبەر ئەم کومەلگایە و بزوتنەوەکەی و هەڵسواراوانی بوارە جیاجیاکانی خەباتەکی، وا سادە ئەندێشانە، لە نەوعی چەواشە کاریەکەی عیرفانی قانعیفر( لە ژێر ناوی رون کردنەوە و گەرانتی دان بە فاشیست و جانیەکانی دەسەلاتداری ئسلامی لە ئیران کە بەلێ نیگەران مەبن، بزوتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان، شورش گێر نیە و بە هەر شتێکیشتان باوەرە سوێند دەخۆم " جودایی خواز نیە")، نەکەوێتە داوی وەها سیاست و نیگایەکی کەسیکی تازە لە دونیای دەوروبەری حالی بوو. وە لە مەش دەرد ناکتر، بە قسە و باسی کۆن و بێ مەسرەف، بکەوێتە شوێنی ڕچەیەکی رو بە هەڵدێرو، سەر مەستانە ئاوی بۆ لە بۆچونەکان بکات. ئاسو سالح، لە دەست پێکی نوسینەکەی را تا کۆتایی بێ ئەوەی شتێکی نوی و موفید و جیاوازی لەوەی هاشمی بۆ خوێنەر پێ بێت، بە شاخ و بالی هاشمی و ڕەوتی دیمکراسی خوازیان لە قوماشی مودرێرنی ئەمرۆکەیان دا هەڵ دەلێت و هۆبالی بۆ دەکێشێت و شاهیدی بۆ ئەدات کە ئەوەی هاشمی دەیلێت زۆر ڕاستە و هەر وایە و زۆر چاکی بۆ چویت و هیواش دەخوازێت نمونەیان زۆر بێت؟! بۆ ئاسو سالحەکان کە خۆشیان زەبر و زەنگی ئەم نیزام و ساسەت و گەرایشە کونە پارێز و حکومەت مەدارەیان چێشتوە، دەبو ورد بینتر و وشیارتر و رادیکال بن. ئەلبەت بەو مەرجە بەرژەوەندی چینایەتی رێگات پێبدات.

ڕاستی من کاتێک قسەکانی ئاسو سالحم بینی، هەر لە سەر پێ داگریەکەی ئەو کە گۆیە ئەم نوسراوەیەی هاشمی، شتێکی کۆدی و سیحری تێدایە، سەرنجێکی ترم دا. بەلام نوسراوەکە هەر ئەوە بو کە من پێشترنەقدم کرد بوو، وە بەداخوە تێدا چو، وە من هیچ شاکارێک و نوی کاری و "مێهرێکی نوخبەگانەی دێموکراسی خوازانەم" تێدا نەبینی و تێدا نابینم، بە غەیری تکراری ورتار و بۆ چونە سواو و چەواشە کاریەکانی شئونیستیە ئێگۆیست و پاوان خوازەکانی دەستە و دایارەی تەمامیەت خوازانی خاکی "موقەدەسی" ئیران لە رابوردوی و ئێستادا. کاتێک نوسینەکەی هاشمی و سالح لە گەل یەک روبە رو دەکەیتەوە ئاشکرا دیارە کە ئاسۆ سالح لە بەر "تایاب بون و دیمکراسی خوازی" نوسەر توشی ئالۆزی فکری و تەمەرکوزی هۆش بووە. وە لە زۆر شوینیش دەستی داوەتە ئاوەژو کردنەوەی "خوش نیەتانەی" دەقی نوسراوەکەی هاشمی و تەعبیر و بۆ چونی خۆی بە تێکەلێک لە وەرگێرانێکی "زۆر" ئازاد لە جێگای ئامانج و سیاسەتی نوسەری ئورژینال داناوە.

### خواست و ئامانجی بزوتنەوە شورشگێرە رزگاری خوازەکان و سیاسەتی حاکمیەت، دو هێڵی دژبەر

*آسو سالح: این اظهارات و عملکرد حاکمیت در قبال جنبش های هویت طلب و قومیتی، نشان از رویکردی نابخردانه دارد که تنها پیامد آن محروم ساختن کشور در استفاده از بخش گسترده ای از پتانسیل کاری و فکری می باشد. و این یعنی بی بهره بودن بلوچ ها، عرب ها، کردها و دیگر گروه های قومی از مدیریت کلان کشور و بازتولید مطالبات آنها.*

**راستی** دەیێت مەنزورو و هەدهەفی ئەمانە لە بە کار بردنی واژە و ووشەی"جنبش های هویت طلب و قومیتی" چی بێت و بۆ کام پروژە و سیاسەتی دۆراو بی ناوەروک و قێزەونی بە کار بەرن و بیکەنە ئەبزاری خزمەت بە کام ستراتژی و ئامانجی زیدی ئینسانی لە پەیوەندی لەگەڵ مسئلە و کێشەی میللی لە گشت ئێران و تایبەتەن کوردستان دا؟!

ملیونان ئینسان لە کوردستان بە خاتری زمان و کۆمەڵێک داب و نەریەتی جیاواز، لە سەرەتاییترین مافی ژیانێکی ئینسانی سەدەی 21 و بگرە 20یش، چ لە بواری ئابوری، چ لە بواری ئازادی و سیاسی و کلتوری، چ لە بواری گەشە و پروەردە، چ لە بواری رەخساندنی بار و دۆخی گونجاو بۆ پێشرەفتی شکل و مکانیزمی ژیان وە لە ئیختیار نانی ئیمکانات و ئامرازی گەشە و روشتی پیشەیی و مودیریەتی و خۆ بەرێوەبەری لە بواراە جواراو جورەکاندا و... بێ بەش کراون و زالمان و حاکمانی نزمی کویلەتی سەرمایە، بەمەشەوە نە وەستاون و نان پەیا کردن لە رێگای زەراعەتی و ئاژەل داری سەرەتایی و نا میکانیزەوە، کە تاکو ئێستاش بژیوی بەشێکی زۆری خەلکی زەحمەتکێشی کوردستان لەو رێگایەوە بە دەست دێت، هەر دەمە بە بیانو و یاسایەکی گلاوەوە یا بەشێک لەمەشیان لێ دەبرن یا دەست رەنج و حاسلاتی سالیان بە غارەت دەبن لە رێگا گەلی جوراوجورەوە. باشە ئەم هەمو زولم و زۆریە لە پای چی و بۆ؟ باشە بە قەولی ئێوە " قەومێک" کە تا ئێستاش پلەی میللەتتان پێ نەبەخشیوە بۆ دەبێت هێند لێی "بترسن" و ئاوا بێ بەزەیانە تەحقیری بکەن و حەتا لێشی نەگەرێن کە بە زەحمەت و رەنجی خۆی، خۆی بەخێو بکات و گەشە بە ژیانی خۆی بدات؟ باشە "کۆنە پارێز و ئوسول گەراکان" بە رێگای خۆیان! بەلام پرسیار ئەوەیە بۆ لە ماوەی نزیک بە یەک دەهە حاکمیەتی " ریفورم خواز و دیموکراسی خوازەکانی"مەرکەز نشین و ناوچە نشین( ئەلبەت "بوختان" نەبێت بە ناو ناوچە نشین بون دەنا...) نە تەنیا هیچ بۆ خەلک نەکرا، بگرە سەرکوت و وەدوا خستنی بە ئەنقەستی هەمە چەشنە لە کوردستان دا بە چاو سوری "فراکسیون و نوێنەرانی" کورد زمان لە هەرەمی قودرەتدا، سیستماتیک و دڕندانە چۆتە پێش و بالا و جەستەی کومەلگای ئنسانی و سروشتی کوردستانیان لاواز تر و نەخۆشتر کرد. بۆ مەگەر ئەو کاتێش جەلایی پورەکانی قاتلی کار کوشتەی خەلکی کوردستان و شوێنەکانیتری ئێران سەر راستتر و روونتر لەم قسە بێ بایخ و ئیکس پایرانەی هاشمیان نەکرد؟ مەگەر جارێکیان بە ناوی پارێزەرانی "ئینقلابی ئیسلامی" و خەتی ئیمامی و جاری دوایش بە ناو "ریفورمیست" لە قالب کارشوناس و تەحلیلگەری مەسایلی کوردستان چیها جینایات و کردەوەی وەحشیانەیان لە دژی خەلکی کوردستانیان نەکرد؟

### باسی "هۆویەت تەلەبی" با بکەین

هۆویەت و هۆویەت تەلەب یانی چی وکێ بە راستی؟ بۆ مەگەر خەلکی کورد تازە لە دورگە و جەنگەلەکان دا دۆزراوەتەوە یا کەشف کراوە کە قەرارە ئێوە پێناسە و هەویەی بۆ دروست بکەن؟ باس لە کام هۆویەت دەکەن؟ هۆویەت یا ناسنامەی خەلکی کورد لای ئێوە جیاوازە لە گەل خەلکان و گەلانیتری جیهان کە ئێستا یا سەر بەخۆن یا بەیەکەوە بە مافی یەکسان لە پەنا یەکتر دەژین؟ مەبەستان هۆویەت تەلەبی ئەوەیە کە جەماوەری کوردستان دەیان هەوێت جل و بەرگ و زمان و فەرهەنگی خۆیان لێ زەوت نەکرێت و بە کوردی راگەیاندن و مەدرەسە و حاکم و شارەوانی و ئوستانداری و... هەبێت؟ بۆ مەگەر هەر ئێستاش کەم تا زۆر ئەم "هۆیەیەتانە" نین؟ مەگەر لە ئاستی بالادا کەسانی کورد زمان کار گێر و مودیر و کار بەدەستی رژیم نەبون و نین؟ ئەو هۆیەیەتەی ئێوە مانان باسی لێوە دەکەن و پیشاتان وایە سالەهای سالە شورش و تەلاش و خوین

دانی خەلکی شورشگێر و جەسوری کوردستان بۆ ئەم شتانە بووە، زۆر خراپی لێتێگەیشتون و ئەمانە، نە کارە، نە نانە، نە ئازادی و عەدالەت و یەکسانی ئابوری و کۆمەلایەتیە و ئاسایش و ئارامش و رەفاهە و... تەنها بەلگە و ئامرازی دەرخۆنە دانانە لە سەر راستیەکان و بەس.

ئاغای سالح لە درێژە تائید نامەکیدا بۆ هاشمی و بە قەولی خۆی بە "پشتوانی" لە بزوتنەوە "هۆویەت خواز و قەومیەکان"، دلسوزی لە رادە بەدەری خۆی و نا یەکسانی بە نیسبەت دلسوزی بۆ بزوتنەوە "هۆویەت خواز و قەومیەکان"، ناشارێتەوە و ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەو ***"روانگە وکردارانەی حاکمیەت بە نیسبەت ئەو"قەومانە" تەنیا و تەنیا دەبێتە هۆی مەحروم یا بێ بەش کردنی ولات یا کیشوەر لە کەلک وەر گرتن و ئیستیفادە لە بەشیکی عومدە و بەر فراوان لە پوتانسیەل و توانای کاری و فکری ئەو خەلکانە"***. ئەوە دەقی بۆچون و دلسوزی ئاسو سالحە بو خەلکانی ئازار چیشتوی کەمینە میللیەکان؟!. هەم لە نالّ دان و هەم لە بزماردان، لە ناو بۆچون ونوسینەکانی ئەم گەرایش و تەیفە لە سەر ئەم مەقولە موشەخەسە شتێکی تازە نییە، بەلام ئەوەی ئاسو سالح تەراوزی زۆر خوار کردوە بە لای سەرکوت گەران و دوژمنانی ئازادی و عەدالەت و یەکسانی دا. لەم بیروکەیەدا مەحرومیەت و بێ بەش کردنی خەلکی کوردستان و شوێنەکانیتری ئێران، لە سەرەتایترین ئازادی و حقوقی ئینسان وە بێبەش کردن لە حاسل و بەرهەمی ماندو بون و کار و دەست رەنجی خۆیان و داهاتی و خەزینەی میللی ولات، شوین و پلەیەکی نیە و وا دیارە ئەوی زولمی لێ دەکرێت و مەحروم دەکرێت، چینی سەرمایەدار و حاکمی ولاتە کە باش و ئاقلانە ئیستیفادە لە توانا و ئەنێرژی خەلکی زەحمەت کێشی "قەومەکان" ناکات و زیاتر لەوەی کە هەیە شیرە و هێزی گیان و تاقەتیان ناکێشێت و خوێنیان لە دەفر ناکات؟!.

بۆ قەرارە تا چ رادەیەک " پوتانسیەلی کاری و فکریمان" لە خزمەت بە سابوتاژ کردنی بن چینەکانی زیندومانەوەمان بە کار بەرن و بۆ هێز و توانای هەناسە هەلکێشانیشامان کیسە هەلدرون؟؟!!

**ئینسان یانی کالا، ماف، ئامرازی سەودا بۆ سازان لە سەر کالا**

**راستی** کا ئاسۆ، تۆش لە سەر ئەو باوەرە دژی ئینسانی و بەربەریەت مەنشەی مەکتەبی نئولیبرالیسمی، کە ئینسانیەت و بەها و ئەرزشی ئینسان لە سەر ئەساسی فورمولی کرین و فروشتنی نیرو و هێزی کار و، بە پیوانەی کالای بونی ئینسانەکان وە بە بەکار گیری هێزی فیزیکی و فکریان هەلّ دەسەنگێنی؟!! باشە خەلّکی کوردستان لە کام پوتانسیەل و نیعمەتی ولات کەلکیان وەرگرتوە و، تا چ ئەندازێک لە سفرەی داهات و ئیمکاناتی "کیشوەر" بەشیان پێ دواوە تا وا " عادلانە"و " ئاقلانە و سەنجیدەتر" خوێننان بکەن بە ئاوی زمزم بۆ خواردنەوە و فتوا لە سەر حەرام و حەلالی هەر ماف خوازی و نافەرمان و یاخی بونێکیان بە زیندان و کۆکوژی دەر بکەن؟ یانی بە کورتی نوسخەی " حەقی تەعینی سەرنویشت" کاتێک مانای بۆتان هەیە و دەبێت بهئامراز و میکانیزمی گونجاوی چارەسەری کێشەکان، کە مەجال بدات بە حاکمان بۆ کەلکی باش لە هێزیان وەرگرتن بۆ موحکەم کردنی پایەکانی قودرەتی ئیستبدادی خۆی وە هەر وەها دەستی بورژواکان و سەرمایەدارانی مەرکەز نشین و مەحەلی نشین ئاوالە بکات بۆ"باشتر بە کار بردنی پوتانسیەلی کاری و فکری چینی زەحمەت کێش و کرێکاری ئەو کومەلگایانە تا بە هەرزانتر و ئاسانتر لەوەی کە هەیە هێز و توانای کاریان وەک هەر کالایەکیتری بازاری نئولیبرالیستی ئیمپریالیسمی هار بکرن و بفرۆشن!! یانی ئینسان کالایە و هێز و توانا فیزیکی و فکریەکەی کالای باش و پوتانسیەل دارە، وە بۆ ئەوە ئیزنی زیندو مانەوەی پی بدرێت دەبێت کالاکەی، کە وجود و هێزی ژیان و گیانی خۆیەتی، بە "دیموکراسی خوازە مودێرن بیر کەرەوەکان " بفروشیت ، دەنا ئەوە ئیتر " شورشی و جوادایی خوازە و دەبێت سزا بدرێت!!؟؟ یا ئەگەر داوای هەر مافێکیان کرد، دەبێت مەعامەلەی لە سەر بکرێت و لە ژێر زەخت و قودرەتی تۆقاندنی ئەم نیزامە قازانج پەرستەدا بۆ

هەراج کردنی کالاکەی و خۆ تەسلیم کردنی، سەودای لە سەر خواست و مافەکان بکەن دەنا نە ماف هەیە و ئەگەریش زۆری لس سەر برۆن دەبیێت سەرکوت و سزا بدرێن ؟؟!!

به قەولی یەکێک لە شێعرە مەزنەکانی هاوڕێ ئەحمەد بازگر کە دەڵێ: مافت دەوی؟! تاوان باری، دیارە دژی ئیستعماری، هەژار پێت خۆشە سەر کەوێ، تێکشکانی ئێمەت دەوێ(2)

### مودیریەت و بازتەولیدی(بەرهەم هینانەوە) یعنی چی؟

بە راستی مەبەستی چیە لەم مەقولەیە؟ چینی بورژوا و دارای کورد وە باقی ئەوخەلکانەیتر کە بە میللەتانی غەیری فارس ناسراون بە درێژایی مێژوی بوونیان لە ئێراندا و تایبەتەن ئێستا بەنا بە بەرژەوەندی و مەسلەحەتی چینایەتیان دایم لە گەل حاکمان هاو پەیمان و هاو باوەر وهاو سو بون و قەتیش لە "مودیریەت" و قودرەت و سود بەش کردندا بێ بەش نەکراون. موتالباکانیشیان لە هەر سەردەم و دەورەیەک لە زەماندا، لە رێگای "مەجلیس و پارلەمانەکەیانەوە" باس کردوە و بە بەشداریان لە هەمو پروژە و سیاسەتە ئابوری،سیاسی، ئەمنیەتی، فەرهەنگی و کومەلایەتیە  مال و ژایان وێران کەرەکانی رژیم و بردنە پیش و بە ئیجرا کرد و بە کردەوە دەرهینانی گشت سیاسەت و پلانە جینایی و نا ئینسانیەکانی هاو چین و هاو بەرژەوەندیەکانیان لە حاکمیەدا و لە دەرەوەی حاکمیەت بە دەست هێناوە. بەلام، ئەگەر مەبەستت لە نزیک بە 90% ی خەلکی ئەو کومەلگایانەیە کە باسمان کردن، ئەوە خواست و داواکانیان و بگرە خەبات و ناسنامەیان زور لە قەزاوەت و ماهیەتی باس و دل خۆشیەکان و لوتفی دیموکراسی خوازانەی محمد هاشمی و هاو فکرانی ئیمرۆ و دوێنی لە سنخ و بەرە جوراجورەکانی ناو پوزیسیون و ناو ئوپوزیسیون دوورە. دلنیاش بن هیچ کات ئاویان بە جۆگێک دا ناروات و رەبتیشی بە خواستی دابین کردنی مافی  دیاری کردنی شکل و شێوەی حاکمیەت و رێگا چارەی رزگاری خەلکانی ستەم دیتوی ئێران وە لەوانە خەلکی شورشگێر و زەحمەت کێشی کوردستانەوە نیە . لە ماوەی حاکمیەتی رەشی سرمایەداری ئیسلامی لە کوردستان دا، جا هەر مەلا و سەیدێک کە لە هێرومی مەکینەی جنایی و سەرکوت قەراری گرت بێت تا بە ئەمرۆکە گەیشتوە، جگە لە بێ بەش و مەحروم کردن لە مەجال وکەرەسەی مەوجود لە کوملگا و ولتدا و ئیمکانی ژیانی ئینسانی سەردەم، هەژاری و بێکاری، زندان و سێدارە، گولە و مین، وە دەیەیان پلان و پرۆژەی ئەمنیەتی و سیاسی ژێر بە ژێری دژی مروفانە و مال وێران کەرانە  وە بە ئەنقەست و بە پێی ستراتژی شومی شئونیستی سرمایەدارنە وەداوا خستنی ئەو ناوچەیە ، هیچ نیعمەتێک و خدمەتێکی بۆ خەلکی کوردستان نەبوە و ناشی بێت.

بۆ وێنە بە پێی کۆلێک دوکومێنت و بەلگەی حاشا هەلّ نەگری زۆر سامناک، سەردەمی 2ی خوردادی و خاتمی و ئیسلاحات خوازە دیموکراسی خوازەکانی ورد و درشتی لیبرالی رەنگا و رەنگی کورد و فارس و ئازەر و بلوچ و عەرەب و...( زیاتر لە هەمو دەورانێکی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی، سەرمایەداران و چینی زالم و کەوا سوری بەر لشکری جانی رژیمەکەی نوێنەری خوا، "مودیران و مودەبرینی" کوردی، ئازەری، عەرەبی و بلوچی و هیتد لە دەسەلات و حاکمیەتدا بەشداریان کرد) لە بەر شومترین دەورانی خوێناوی  و وەحشەتناک و موزیری رژیمی ئیسلامی بووە، لە هەمو بوارەکانی سیاسی، ئابوری و ئازادی و قەتل و ترور و هیتد بۆ کومەلگای ئیران بە گشتی و کوردستان تایبەتی. گەرای ئەو پروسە ترسناکە بە پتەو کردنەوەی پایەکانی رژیمی جینایەت پیشەی ئیسلامی سەرمایە دەستی پێکرد، بە رابەری تەیفی "رێفورمیسمی" دیموکراسی خوازانی ئەمرۆ، و بە قەتلە "مەخفیە" زنجیرەیەکان قول بۆوە و بە کوشتاری خەلکی شورشگێری شاری سنە  و سادر کردنی مادە سر کەرەکان بە هەرزانی و خۆ رایی بۆ هەمو ئیران و کوردستان، تایبەتی تر لێرەشدا، و دەر کردنی سەدان هەزار کرێکار لە سەر کارەکانیان و دانانی دەیان یاسا و قانونی دژی ئینسانی کرێکاری لە چەشنی قانونی کارگاکانی ژێر 10 کەسە و قەرارداد و پروتوکولی کاتی، گولە باران کردنی کرێکارانی کانیەکانی خاتون ئاوا(معدن مس خاتوان آباد)، زیاد کردنی رێژەی بێکاری ونەداری وهەراج کردنی گورچیلە و

باقی ئەندامەکانی لەشی خەلکی زەحمەت کێش و دەیان کار و بەرنامە وسیاسەتی گلاو و ترسناکی نەهێنی و دڕندانە لە دژی موخالیفین و ماف خواز و ئازادی خوازان و موبارزینی مەیدانە جوراوجورەکانی خەبات و هیتد بە لوتکەی خۆی گەیشت. ئەم رەوتە بۆ کەشفی بزوتنەوە و گەرایشە رادیکال و ئاشکرا کردنی ئینسانە موخالیف و نارازیەکان بەم نیزامە هاتە مەیدا. بەلێ ئەوە بو نیعمەت و هەدیەی خێلی لیبرالیستە "دێموکراسی خوازەکان"ی کون و تازە، بو خەلکی ئێران و کومەلگای کوردستانی ئێران. بەلام بە قەولی مەعروف، شوشە تا بشکێت تیژتر دەبێت!

باشە مەگەر سەر چاوەی داهات و بژیوی خەلکی کریکار و زەحمەت کێشی کوردستان بەشێکی زۆر گەورەیتری، جوادا لە کاری کەشاوەرزی و ئاژەلداری، لە ریگای کرێکاری رۆژ موزد و کورە پەز خانە و وە هەر وەها هاتو چۆ کردن بۆ سەر سنورەکانی جیرانیان و هیتد دابین نابێت؟ هەر چەند ئەویشیان لێ قەدەغە کراوەو ناوی "قاچاغ چیەتی" لە سەر دانراوە و بەم بەهانانە، بە هەزاران کاسب کار و جوتیاری هەژار و زەحمەت کێش لە سایەی ئەم سیاسەتە شومە بونە بە قوربانی مین ریژی و بونە بە گۆشتی دەمی تۆپ و گولە باران کردنی مەزرا و شوێنی ژیان و کەسب و کاریان. وە بە سەدان ئینسانی شەریف و هەژاری کوردستان وێل و وەیلان بە دوای پارەوە نانێک و پولی قەلەم و کتێبێکی منالەکەییان، یا کەم ئەندام بون و ئیتر بۆ تا سەر لە نان ئاوەری مال کەوتون و بونە مەسرەف کار، یا خود گیانیان لە دەست داوە. ئەم بە ناو دێموکراسی خوازە لیبرالە پان ئێرانیستانە و رژیمەکەیان کام ریگا حەل و دەرمانی رزگاری لەم نەهامەتی و ستەمانە کە هەر ئەوان و چینی بالا دەست و زۆرداری حاکم بە سەریدا سەپاندون، بۆ دۆزیونەتەوە؟

شتێکیتریش جودا لە ناوەروک و سیاسەتی پشت وتارەکەی محمد هاشمی کە ئاسو سالحی وە هەیەجان و پەلەی خسەرتوە، خودی نوسەرەکە و گەرایش و جێگاو شوێنیەتی. نوسینی "دۆستێکی ئازیزی "ذیموکراسی خوازی" تەحکیم وەحدەتیە!؟ پرسیار ئەوەیە کە : دەبی کا ئاسۆ، یەکەم جاری بێت کە نوسینی لەم چەشنە دەبینێت یا خود وای حەز لێیە هەل برەخسێنیت بۆ بەیان و باسی موردی نەزەری خۆی و لە ژێر تایدی نامەی "دوستە عزیزەکەی"، بە یارەکی خۆی هەل بلێت؟ بێ شک ئاسۆ سالح پێی خۆش بێت یا نا، ئەو وتارەی ئەو لە پشتیوانی ریچکە و فازێک کە هاشمی لە سەری دەروات، نە تەنیا شاکار و کەشف نیە، بەلکو پێش ئەوەی لە خزمەت بەرژەوەندی کومەلانی ستەم دیتوی کوردستان دابێت و یارمەتی دەری پێک هێنانی کەش و هەوایەکی روون و واقیع بینانە لە مەر کێشەی خەلکی کورد وە هەر وەها سیاسەتە خەسمانەکانی رژیم و سیستمی زال لە ئێران دابێ وە پەنجەرەیەک بۆ دیالوگی سالم و جدی لە سەر ماف و خواستەکانی خەلکی کوردستان بکاتەوە، لە بەرژەوەندی سیاست و ستراتژیەک دایە کە هیچ کات لە چارە سەری گرفتی خەلکی کوردستان راست گۆ و جیدی نەبوە و ناش بێت و جگە لە هەلخەلەتاندن و هەلداشتن چی باشی پێنیە.

بە هزاران ئینسانی یەکسانی خواز و ئازادی خواز، بە دەیان جار بێ وچان پشت گیران لە موبارزات و تێکۆشانی بزوتنەوەی شورشگێرانە کوردستان بۆ بە دەست هێنانی مافە رەوا و ئینسانیەکانیان و لە پشتی خواستە کانی خەلکی کورد راوەستاون تا حەدی جودای، بە لام بۆ ئەوان نابینێت!؟ بەرەی دانیشجوانی چپ و یەکسانی خوازی دانشگاکانی سەرتاسەری ئێران ،کە تا دێت ئاتموسفێری سیاسی و ئیجتماعی دانشگاکان دێنە ژێر هێژمەنی ئاسۆی سوسیالیستی خۆی، ئاخرین نمونەی ئەو پشتوانی و حیمایەتە راشکاوانە و چارە سازەی کێشەی کومەلانی خەلکی کوردستانە، خۆ ئەوە ئیتر زۆر روون و حویانە و بۆ حاشا لێ کردن بابێت بۆ نا چنە ئەم بەرە و سەنگەرەوە ئەگەر بە راستی خوازیاری کۆتایی هێنان بە ژێر دەستەیی و چەوسانەوەی خەلکی ئازادی خواز و زەحمەتکێشی کوردستانن؟ موبارزات و تێکوشانی بزوتنەوەی سورشگیرانەی کوردستان بەشی هەرێ گرینگ و ئەساسی لە سەر شانی خەلکی بي بەش و کریکاری کوردستانە. بزوتنەوەی کریکاری لە کورسدتان زەمینی و ساحێب هێز و پوتانسیەلی بەرزی موبارزاتی شورشگیرانەیە ولەم مەیدانە جیدی وئەسلەشدا زۆر ئینسانی موبارز و کارامە و رابەری پەروەردە کردوەو و لە تەلاش و خەباتیدا بۆ

دەستە بەر کردنی داخوازی و مافەکانی ئینسانی بەش مەینەت و خولقێنەری کومەلگا، قوربانی زۆری داوەو بەر دوامیش هەڵسواراوان ورابەرانی رادیکال و لە خۆ بوردو و ماندویی نەناس و خۆش ناوی وەک مەحمود سالحی کە هیچ بەرژەوەندی شەخسی و مادی خۆی لای مانای نیەو و هاواری یەکسانی و ئازادی و عەدالەت لە هەمو بوارەکانی ژیانی خەلکی رەنجبەر و زەحمەتکێشی ئیران و کوردستان دەکات وە سالها دەکەوێتە ئەشکەنجەگاکانی رژیمی ئیسلامی سەرمایە داری درندەوە و خەریکە مومی ژیانی لە ژێر ئەو فشار و زولمەی نیزامی بەربەریەتدا خاموش دەبێت، وە بە ئیزافەی ئەوە ئێوە ئەم هەمو راستی و جیدی و رادیکال بونی ئەو بەرە و بزوتنەوە عەزیمە لە جدال و موبارزات و موقاوەمەتی خەلکی جەسور و ئازادیخواز و یەکسانی خوازە نابینن، یا ناتان هەویێت بیبینن، وەلی قسەی بی عەمەل و تاریخ گوزەراوی هەواداریکی بە وەفای جیناحێک لە رژیم وەحشی ئیسلامی خستونیە شایی و لوغان و لە قوژبن و دالانی تەنگی وێب سایتێکدا ئەم نوسراوە سەراسەر چەواشە کار و بی پێزەتان دیتوتەوە و سەر قاڵی بانگەشەو تەبلیغاتن بۆی. ئەلبەت دەرکتان دەکەم، چون ئەمەش لە خواستگا و بەرژەوەندی تەبەقاتیتانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەلێ ئاغایان، ئاسۆ سالح و عرفان قانعیفر، ئەو باسە و ئەو دەلاقەی ئێوەو کردوتانەتەوە، هاو جیهەت و تەریبە لە گەل هەمو ئەو پروژە و "رێگا چارانەی" کە ئەم "نوخبە" ناوەند نشین یا ناوچە نشینانە بو کێشەکانی کومەلگای کوردستان باسیان لێ کردوە و عومریشی لانی کەم یەک سەدەیە، وە تا ئیستاش بە غەیری ئالۆز کردن و تاریک کردنی کێشەکە و کەچ و لارێ کردنی رێگا چارەکانی، هیچی تری بە دیاری نەهێناوە و موتمەینیش بن نایهێنیت. ئەوە خۆ نیشان دان  و ریکلامی سیاسیە و راستیەکان دەشێوێنێت و برینەکە قوڵتر و بێ دەرمان دەکات. ئەو بانگەشەیە و سیاسەتە لە سەر کێشە و دەستەبەر کردنی ماف و بریاری چارەی خۆ نوسینی خەلکی کوردستان نە هیچ رێگا چارە و نە هیچ پرۆژەیەکی پراتیکی و واقیع بینانەی پێیە وە بە سەرنج دان بە چوارچێوەی ئەفکار و زەرفیەتی سیاستی دارێژراو وە هەر وەها بە موتالەعە کردنی دار بەستی ستراتژیەکەیان و ئامراز و میکانیزمی حەلی مەسئلەکە، نیشانمان دەدات کە نە تەنیا لە سەر قسە و بەلێنەیکانی خۆیان پایە بند نین وە جدی بە گرفتی ملیونها ئینسان بەر خورد ناکەن، بگرە ئەگەر زۆریش میهرەبانی و لوتف بە خەرج بدەن ناتوانن بەم فکر و سیاسەتە نا روشن و پان ئێرانیستی و تەماویانە کە پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران و کوفر بونی جودایی خوازی و ... روکنی ئەساسی و بێ موناقشەی یەتی، کوسپ و ناهەمواریەکی سادەش لە سەر ری ژیانی نورمالی جامعەی کوردستان لا بدەن !!! وە لەمەش گرینگرتر لە لایەن خەلکی وشیار و شۆرشگێری کوردستان بە جیدی و راستگۆ وەرناگیرێن.

کوردستان پێویستی بە بودجەی کافی و  پرۆژەی ئابوری و ئاوەدانی و کاری بە بەرنامە و دلسۆزانە هەیە، تا لە بواری پیشەیی، ئیداری، کەشاوەرزی، دامداری،توریستی  و بازرگانی و... گەشە بکات و جواب دەروەی لشکری عەزیمی بێکاران و کرێکاران و زەحمەت کێشان بێت و لە بەرهەم و حاسلی رەنج و زەحمەتەکانیان لەزەت بکەن و هەژاری و رەنج بە خەساری بار بکات و کۆتایی بە کرێ کۆلی، کۆچ و کۆچبار بۆ دۆزینەوەی کار و پاروە نانێک بۆ شوێنە دور دەستەکان بێت.

کێشەی خەلکی کوردستان، کە بەشیکی لەم نوسراوەدا باسی لێ کراوەو  وە هەروەها تا ئێستاش بەشی کلیدی و ئەساسی داخوازی و ماف گەلێک کە بونیات نەری کێشەکەن، بە دەیان جار لە ئیعترازات و دێموستراسیون و مانگرتنەکانیان دا بەر جەستە کراونەتەوە،(لەوانە کێشە و خواست و مافی ژنان، کرێکاران و زەحمەت کێشان، لاوان) نە لە بەرنامە و دەستوری کاری هیچ گەرایش و جیناحێکی رژیمی بورژوای ئیسلامی ئیران دایەو نە بە مێهر نامە و نوسخەی هیچ لێ نەنوسراوی " حەقی تەعینی سەرنویشتی دێموکراسی خوازان لە چوارچیوەی پروژەی قەومیەتها و جریاناتی هۆویەت خواز"دا چارە سەر دەبێت. کومەلگای کوردستان وەک هەر کومەلگایەکی نیزامی سەرمایەداری، کومەلگایەکی چینایەتی و پر کێشە و بزوتنەوە و لایەنی جواراوجورە و بە نوسخە و رێگا حەلی سەرمایەدارانە و ناسیونالیستانە و ئەمریکایانە، چارەسەر نابێت.

خەلکی کوردستان بێ رارایی و بێ مینەت و بەبێ ترس موبارزە دەکات بۆ ژیانێکی ستانداری موتەرەقی و ئینسانی. دەستەبەر کردنی ئەم ژیانە و رامالینی هەمو زولم و نایەکسانیەکان و کوتای هێنان بە زیندان و کوشتار و هەژاری و بێکاری لە هەر رێگا و بە هەر ئامرازێکی شورشگیرانە و پێشرەو وە بە هەر ئەلترناتیو و رێ حەلێکی ریشە کیش کەر بۆی بە ئەنجام بگات کار و تێکۆشانی بۆ دەکات وە لەم میانەشدا، هەر کەس و جەرەیانێکیش بە تەجزیە تەلەبی دەزانیت و پێی قەوم گەران، موشکلی خۆیەتی. جودا بونەوە و حکومەتی سەربەخۆ راگەیاندن یەکێکە لە مافە پاییەکانی خەلکی کوردستان و یەکێکیشە لە ریگا چارەکانی کێشەکە. وە ئەوەش باش دەزانێت که لە سیاسە ت و ئیدە ئۆلۆژی ناسیۆنالیسمی دە وڵە تی ئە و وڵاتە دا، داوای بە رابە ری کردن و تێکۆشان و خەبات بۆ کردنی وە ک شورشی و بە رنامە ی جیابوونەوە چاوی لێدەکرێ و سزای ئە و "تاوانانە" ش بە پادگانی کردنی شوینی ژیان و زیندان و کۆکوژییە.

ئەوەش ئیزافە بکەم کە ئیئتلافی"نوخبەکانی"دێموکراسی خوازی لایەنگر و موبەلیغی بازاری ئازادی کالا و سودی بێ سنور و نیزامی کۆیلە خوازی لیبرالیسمی مەرکەز نشنی فارس و ناوچە نشینی کورد و هیتد، بەم سیاست و ریگا "حەلە"ناپوختەنەیان، نە تەنیا ناتوانن دەردێک لە خەلکی شەریف و شورشگێری کوردستان دەرمان بکەن، بەلکو بەم چەواشەکاری و بە لارێدا بردنی مەسیری موبارزات و خەباتی بزوتنەوەکە وە و خواستی ئینسانی و یەکسانی خوازی وە کوتایی هێنان بە نیزامی بەربەریەت لە سەریان و خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی بریاری دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بە دەستی خۆیان، لێ ئاستەنگ و گوماناوی و ئالۆز دەکات.

مێژو و ئارشیوی پروسەی ژیان و خەبات، موشەخەسەن لە کوردستان، ئەو راستیەی لە مەحەک داوە کە تا ئێستا سیاسەت و رێگا حەل و ستراتژی بەرەی شورشگێر و سوسیالیست براوە بووە و تاکە رێگای کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی لە بەر دەم بزەتنەوەکە داناوە و تا گەیشتن بە ئامانجیش رابەری دەکات. کەم هەزینەترین و کورت‌ترین رێگای رزگاری و کۆتایی بەم ستەمانەش، لە رێگای هاو خەباتی و یەکێیەتی موبارزاتی و هاوسەنگاری لە گەل بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان ، بزوتنەوەی دانشجویی و بزوتنەوەی ئینقلابی سەرتاسەری دا، مومکین و عەمەلییە. بەبێ هاوپشتی و سولیداریتێتی هەموی ئەم بزوتنەوانە لە گەل یەک، خەبات و شورش بۆ بە دەست هینانی خواست و مافە ئینسانیە یەکسانەکان سەخت و پر خەرج و چەتونە.

**ئاگادریەک بو ئاغای عرفان قانعیفر**

هەر ئینسان و کومەل و کومەلگایەک، شورشگێر نەبێت و داییم لە گۆران و خەبات بۆ ژیان و گوزەرانی باشتر دا نەبێت، ئەوە ئیتر ماڵ ئاوایی لە ئازادی و ئاسودەیی و ژیانی سەربەست و بێ چەوسانوە کردوە. شورش یانی راپەرین و یاخی بون لە زۆردار و لە کۆن و ژێرەو زەبەر کردنی ژین و نیزامی گەندەڵ و چەوسێنەر. شورشگێری، یانی لا بەری ستەم و خولقێنەری ژیانی باشتر و دژی هەر چەشنە کویلەتی و هەلاواردن و ئازارێک. بەڵی دەبێت "دوست و دوژمنی" شورشی کوردستان بزانن کە، خەلکی زەحمەت کێش و خەبات کاری کوردستانی ئێران شۆرشینی و شورش دەکەن لە دژی زولم و بی دادی و کۆنەپەرستی. رژیمی کوماری ئیسلامی سەرمایەداری، بۆ هەمو ماف خواز و بزوتنەوەکانی ئێران روونە کە تا بە گۆر و مێژو نەسپاردنی ئەم رژیمە،هیچ خواست و مافێک و ئازادیەکی سەرەتایی بە بێ هەزینە و تەلاشی زۆر دەستەبەر نابێت. جا کەوابو خەلکی ئیران بە گشتی و خەلکی کوردستانەکەی بە تایبەتی و لە سەرەوەی ئەوانیشەوە،خەلکی زەحمەتکێش و کارگەری ئەو ولاتە تایبەتی‌تر بریاری نەهاییان داوەو عەزمیان جەزم کردوە بۆ روخانی ئەم نیزام و رژیمی جانیە. ئەوان دەزانن جودا لە ئێنقالابێکی جەماوەری و هەمە لایانەی رادیکال لە دژی رژیمی سەرمایەداری ئیسلامی، گەیشتن بە حقوق و حورمەتی ئینسانی و کۆتایی بە ژیانی کۆیلەتی و دامەزراندنی دونیای بەرینی ئارەزوەکانیان، مەحالە و مسوگەر نییە و خۆش باوەریە ئەگەر بەمەکەم‌تر رازی

بن. وەدی هاتنی ئازادی، یەکسانی و دیموکراسی واقیعی و حاکمیەتی خەلک، لە هەمو جیهان و لەوانە لە ئێران، بەندە بە شورش و ئینقلابی هەژاران و چەوساوان لە دژی نیزامی و حاکمیەتی بورس و بازاری ئازادی کالا و سیستمی مالیکیەتی کەرتی تایبەت( مالکیت خصوصی) .

ئەمرۆ خواستی، یان بەربەریەت، واتە ئەوەی کە ئەمرۆ هەیە، یان سوسیالیسم، بۆتە خواست و ئامانجی بە ملوێنان ئینسانی لەم سیستم و دونیا خوێناویەماندو و بێزار. هەر کەس و کومەلێک دەیەوێت لە ستم و چەوسانەوە رەنگاو رەنگەکانی نیزامی چەوسێنەری پولٚ پەرستی شەر خوازی سەرمایەداری، خەلاسی بێت و بە ئازادی و ئاسودەیی و لە کومەلگایەکی یەکسان و تێر و تەسەل دا بژیت، دەبێت بەم هێزە عەزیمە پەیوەست بیت و بە ئاسۆی سوسیالیستی خەبات و شورشەکەی پێش بەرێت.

یان بەربەریەت یان سوسیالیزم

28/مارسی/2008

نورویژ

1. نوسراوێکی عرفان قانعیفر لە" جواب و رون"کردنەوەیەکدا بۆ محمود احمدی نژاد

2. شیعری گۆر غەریب، کە لە جەرەیانی هێرشی رژیمی ئیسلامی بۆ سەرخەلکی کوردستان ، لە سالی 1358دا نوسراوە و بە دەنگی بلاوێنی هاوریٚ ئەحمەد شندرە، زۆر جار لە کۆر و کەمەلەکان و موناسەبەت و بەرنامەکاندا بیستراوە.